جوێندەر ودەمشۆر نەبووە، وکەسێک نەبووە دەنگی بەرز بکاتەوە (بەسەر خەڵکی) لە بازاڕەکاندا، وخراپەی ئەنجام نەدەدا بەرامبەر بە خراپە (کە دەرهەقی کرابێت)، بەڵکو لێبووردە بوو و (لە خەڵکی) خۆش دەبوو

لە ئەبی عبد اللە ئەلجەدەلیەوە دەڵێت: پرسیارم لە عائیشە کرد -ڕەزای خوای لێبێت-، سەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەری خودا -صلی اللہ علیہ وسلم- ئەویش ووتی: «جوێندەر ودەمشۆر نەبووە، وکەسێک نەبووە دەنگی بەرز بکاتەوە (بەسەر خەڵکی) لە بازاڕەکاندا، وخراپەی ئەنجام نەدەدا بەرامبەر بە خراپە (کە دەرهەقی کرابێت)، بەڵکو لێبووردە بوو و (لە خەڵکی) خۆش دەبوو».

[سەحیح - ڕاست)] [(الترمذي وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

دایکی ئیمانداران عائیشە -ڕەزای خوای لێبێت- پرسیاری لێکرا سەبارەت بە ڕەوشتی پێغەمبەر -صلی اللہ علیہ وسلم-، ئەویش ووتی: جوێندان وقسە وکردەوەی ناشیرین لە خوو وڕەوشتی نەبوو، وزۆری لەخۆی نەدەکرد بۆ ووتنی قسەی ناشیاو وبە ئەنقەستیش ئەو وشانەی نەدەووت، ولە نێو بازاڕەکاندا دەنگی بەرز نەدەکردەوە، وبەرامبەر خراپە خراپەی ئەنجام نەئەدا؛ بەڵکو چاکەی ئەنجام ئەدا، ولە ناخیدا لێی دەبووری، وچاوپۆشی دەکرد وپشتگوێی دەخست لە ئاشکرادا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10974